# تەپۆلکەی ڕەبەت: خۆبوشکیەی باستان (کەونارا)

سوعدا سەعیدیان- فاتمە قولیزادە
لە فارسییەوە: فەرەیدوون حەکیمزادە
(مەهاباد)
( ١- ٢ )

**کورتەیەک:**

(خۆبوشکیە) ناوی وڵاتێکە، هەروەها شارێکی سەڵتەنەتی لە زاگرۆسی باکووری بووە کە یەکێک لە گرینگترین دەوڵەتەکانی ناوچەیی مابەینی پاشاکانی بەشکۆی ئاشووری نوێ و ئۆرارتوو لە درێژایی سەدەی حەوتەم تا نۆیەمی پێش زایین دەژمێردرێ.

سەرچاوەی سەرەکی زانیارییەکانی ئێمە لەسەر ئەو دەوڵەتە بچووکەی هەزارەی یەکەمی پێش زایین، کەتیبەکانی بزماری ئاشوورییە. دیتنەوەی ئەو وڵات و دەوڵەتە بچووکە نیوەی سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایین لە ماوەی سەدەی ڕابوردوودا جێگەی باسوخواسی توێژەران بووە. لە وتاری بەردەستتاندا بە خوێندنەوە و کەندوکۆژی (کنە و پشکنینی) کەتیبەی ئاشووری پێوەندیدار بە دەوڵەتەکانی ڕۆژاوای ئێران و لێکدانەوەی زانیارییە جوگرافییەکان وەرگیراو لەو سەرچاوانەن، هەروەها توێژینەوەی کەوناراناسی بە دەست هاتوو، لە چەندان وەرز توێژینەوەی زانستی لە گۆڕەپانی ڕەبەتی سەردەشت، وێکچوونی (تەپۆلکەی ڕەبەت) لەگەڵ شاری سەڵتەنەتی (خۆبوشکیە) پێشنیار کراوە.

گۆڕەپانی ڕەبەت لە قەراخ ڕۆژاوای ڕووباری زابی بچووک، لە باکووری ڕۆژاوای ئێران هەڵکەوتووی شوێن و دەرکەوتە کەوناراییەکان

نیشان لە یەکبوونی ئەو شوێنە (ڕەبەت) لەگەڵ خۆبوشکیەی باستانی (کەونارا) هەیە.

**پێشەکی:**

ناوچەکانی ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژاوای ئێران، لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێش زایین و پێش هاتنی حکوومەتەکانی ماد و هەخامەنیشی، بەستێنی پیشاندانی هێزەکانی ئیمپراتۆری ئاشووری نوێ (٩١٢-٦١٢پ.ز) بوو. شایەکانی ئاشووری وەک: توکۆلتی- نینورتای دووەم (٨٨٤ - ٨٩١ پ.ز)، ئاشوورنەسیرپاڵ (٨٥٩-٨٨٤ پ.ز)، شەلمەنسەری سێیەم (٨٢٤ -٨٥٩ پ.ز)، شەمشی- ئەدەدی پێنجەم (٨١١ -٨٢٤ پ.ز)، ئەدەد- نەیەری سێیەم (٧٨٣ -٨١١ پ.ز)، تیگلەت- پیلسەری سێیەم (٧٢٧ -٧٤٥ پ.ز)، شەلمەنسەری پێنجەم (٧٢٢-٧٢٧ پ.ز)، سارگۆنی دووەم (٧٢٢ -٧٠٥ پ.ز)، سەناخەریب (٧٠٥ -٦٨١ پ.ز)، ئەسەرحەدون (٦٨١-٦٦٩ پ.ز) و ئاشووربانیپاڵ (٦٦٩-٦٢٧ پ.ز) بە هۆکاری جۆراوجۆر وەکوو وەرگرتنی باج و بەرتیل، کڕینی ئەسپ، چاودێری بەسەر ڕێگە گرینگەکانی بازرگانی و کورتکردنی دەستی دەوڵەتە بەهێزەکانی دراوسێ، بەتایبەتی پاشای ئورارتوو، بۆ کوێستانەکانی زاگرۆس، تەنانەت ناوچەکانی ناوەندی قەڵاتی ئێران لەشکریان دەنارد (Liverani 2003: 1-12; Radner 2003: 37-64) ئەو دەسەڵاتدارانەی ئاشوورییەکان بەپێی سوننەتەکانی میزوپۆتامیا، ڕاپۆرتە بەربڵاوەکەی لەشکرکێشییەکانی خۆی لە قاڵبی ساڵنامە و ڕاپۆرتەکانی شەڕ و شێوەی کەتیبەبەردییەکان جێگیر دەکەن کە بە خۆشییەوە بەشێکی لەوانە، لەو ڕۆژگارەوە بۆ ئێمە بەجێ ماوە و خوێندراونەتەوە.

ئەو کەتیبە بزماری ئاشوورییە، گەنجینەی لیپاولیپ لە زانیاری بەبایەخ لەمەڕ مێژوو و جوگرافیای مێژووی ڕۆژاوای ئێران لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێش زایینن. هەر لە ڕێی ئەو کەتیبانە، توێژەرانی جۆراوجۆر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمی زایینی تا ئێستا بۆ ساز کردنەوەی جوگرافیای مێژوویی ئێران لە سەردەمی ئاشووری نوێ و سەردەمی ماد تێکۆشانیان هەبووە. (Schrader 1878; Streck 1898;1899;1900; Billerbeck 1898; Forrer 1920; Levine 1973; 1974).

نووسراوەکانی ئاشووری نیشانیان داوە کە ناوچەکانی ڕۆژاوایی و ناوەندی قەڵاتی ئێران لە نیوەی سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایین، شوێنی بەدی هاتنی حوکمڕانی پاژە سیاسی بچووک و گەورەی زۆر بوون کە هەر کامەیان شوێنێکی جوگرافیایی تایبەتیان لەخۆ گرتبوو.ماننا، ئەلیپی، پەرسوئا، گیزیلبوندە، نەمری، ماد، گیلزانۆ، خۆبوشکیە، زیکیرتۆ، ئاندیە، خەرخار، کیشسیم و .... لە ڕیزی گرینگترین ئەو وڵاتانە، یان شانشینەکان بوون.

سەرەڕای تێپەڕینی زێتر لە سەدەیەک لە دەستپێکی خوێندنەوەکانی پێوەندیدار بە جوگرافیای مێژوویی زاگرۆس لە سەردەمی ئاشووری نوێ، ئێستاکە لەسەر دیتنەوەی چەندان شوێن و ناو و شار و وڵاتانی کەونارای ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژاوای ئێران باسوخواس هەیە. یەکێک لە گرینگترینی ئەو وڵاتانە، یان شانشینە بچووکەکانی کە لە ئاڵوگۆڕی سیاسی ئەوان سەردەمان ڕۆڵی گرینگیان هەبووە، وڵاتی «خۆبوشکیە»یە.

خۆبوشکیە ناوی وڵاتێکە، هەروەها شارێکی سەڵتەنەتی بووە کە ئاشووریانی باستان بەو وڵاتەیان دەگوت: نائیری. خۆبوشکیە لەگەڵ

موساسیر یەکێک لە گرینگترین وڵاتانی نێوان ئیمپراتۆری بەشکۆی ئاشووری نوێ لە درێژایی سەدەی حەوتەم تا نۆیەمی پێش زایین ئەژمار دەکرێ. نزیکەی تەواوی زانیاری ئێمە لەو وڵاتە وەرگیراوە، لە نووسراوە بەجێماوەکانی سەردەمی ئاشووری نوێیە. ناوی خۆبوشکیە لە کەتیبەکانی سەڵتەنەتی ئاشوور لە زەمانی سەڵتەنەتی تۆکوڵتی نینۆرتای دووەم تا سەردەمی دەسەڵاتی «ئەسەر حەدون» هاتووە. (Bryce 2009: 318-319)

لەو وتارەدا دەمانەوێ تا سەرەڕای دۆزینەوەی خۆبوشکیە لەسەر بنەمای زانیارییەکانی وەرگیراو لە کەتیبە ئاشوورییەکان، ئەو وڵاتە لەگەڵ یەکێک لە دیارترین شوێنەکانی سەردەمی ئاسنی ٣ی باکووری ڕۆژاوای ئێران، واتە تەپۆلکەی ڕەبەت لە نزیکی شارستانی سەردەشت و باشووری پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا هەڵسەنگێنین. نووسەرانی ئەو وتارە لەسەر ئەو بڕوایەن کە لەسەر بنەمای باستانناسی دیتراوە لە چەند وەرز، گەڕانی زانستی لە تەپۆلکەی ڕەبەت، هەروەها بەڵگەنامەکانی مێژوویی، دەتوانین گۆڕەپانی ڕەبەت لەگەڵ خۆبوشکیەی باستانی بە یەک بزانین.

**٢- دیتنەوەی خۆبوشکیە**

لە ماوەی چەند دەیەی ڕابوردوودا لەسەر شوێنی خۆبوشکیەی باستان جێی باسوخواسی ئاشووریناسان و ئێرانناسانی جۆراوجۆر بووە. لە سەرەتای سەدەی ٢٠ی زایینی و دەست پێکردنی خوێندنەوەکانی پێوەندیدار بە جوگرافیای مێژوویی وڵاتی ئاشوور و ناوچەکانی ڕۆژاوای ئێران، خۆبوشکیە لە باشووری زێی وان و لە کوردستانی تورکیا (باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیای ئەوڕۆ) و ناوچەکانی سەرووی زێی زابی گەورە لە نزیک سنووری تورکیا لەگەڵ ئێران و عێراق و بە وردی لە دەشتی حەکاری دەبینرێ. (Thureau-Dangin 1912: 171-72; Adontz 1946: 105f) ئەو جێگەدیتنەوە هۆگرانی تایبەت بە خۆی هەیە (Levine 1977: 144-48; Muscarella 1986: 465-75 & Fig. 3)، بەڵام لە چەند دەیەی نزیکدا، بەتایبەتی لە دەیەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ زایینی بەو لاوە، دەستەیەک لە توێژەران و ئاشووریناسانی، کە کەڵکەڵەی وێکچوونی جوگرافیای مێژوویی ڕۆژاوای ئێران لەسەردەمی ئاشووری نوێیان هەبوو، کە لە نەخشەکانی مێژوویانی خۆبوشکیە کە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری دی جێگەیان دیتۆتەوە. (Parpola 1970: 409; Reade 1978: 140, Fig.2).

لە ئاخر و ئۆخری سەدەی بیستەم لێکۆڵینەوەی زۆر لەسەر کەندوکۆژی جوگرافیایی کەتیبە ئاشوورییەکان کراوە، کە خۆبوشکیەیان لە باکووری ڕۆژاوای ئێران لە ناوچەگەلی باشووری ڕۆژاوای زێی ورمێ و ناوچەی سەرووی ڕووباری زابی بچووک و لانیکەم لە شوێنێک شوێنیان دۆزیوەتەوە کە ئەوڕۆ شارەکانی پیرانشار و




**وێنەی ژمارە (١)، پێگەی خۆبوشکیە لە زاگرۆسی باکووری و دراوسێکانی.**

سەردەشت لە نزیک سنووری ئێران و عێراق پێک هاتوون. (Reade 1994: 185-Lanfranchi 1995:) (وێنەی ژمارە ١)

سەرەڕای ئەوە، ئەو شوێن دیتنەوەیە، دژبەرانیشی هەیە وەک «یانا مەدودسکایا» کە لە وتارێکی جیا لەسەر تەوەری دیتنەوەی جێگەی خۆبوشکیە دواوە و لەگەڵ بیروڕای «جیوانی لانفرانکی»، «جولیان ڕید» کە بڕوایان وایە ئەو وڵاتە (خۆبوشکیە) لە باکووری ڕۆژاوای ئێرانە، دژایەتی دەکا و بە ڕووکردنی هۆکاری مێژوویی و کەونارناسی، هەر شوێنناسی باکووری پێشەوە، واتە دەشتی حەکاری و بەشی سەرەوەی ڕووباری زابی گەورە بۆ خۆبوشکیە پێشنیار دەکا (Medvedskaya1997: 197-206).

ڕاستییەکەی باسوخواس لەسەر دیتنەوەی وڵات و شارە سەڵتەنەتی خۆبوشکیە تا ئێستا تەواو نەبووە، بۆیە لێرەدا بۆ تێگەیشتنی شوێن و جوگرافیای خۆبوشکیە و لێکۆڵینەوە لە درۆ و ڕاستی بیروڕایەکانی پێشوو، پێویستە چاو بەو دەستە لە دەقە ئاشوورییەکان بخشێنین کە باسیان لەو شوێنە کردووە.

یەکەم جار ناوی خۆبوشکیە لە کەتیبەکانی پێوەندیدار بە «تۆکوڵتی نینورتای دووەم» دێنە بەرچاو کە پێوەندی بە هەڵکوتانی ئەو بۆ وڵاتی نائێرییەوە هەیە (١) (RIMA II: 180)، هەروەها کوڕی تۆکوڵتی نینورتا، واتە ئاشوورنەسیرپاڵی دووەم، لە یەکەمین ساڵی سەڵتەنەتی خۆی (٨٨٣ پ.ز) لەشکرێکی گەورەی بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی حکوومەتی خۆی ناردووە و بەپێی کەتیبەی ئەو، خەڵکی خۆبوشکیەش لە ڕیزی ئەو خەڵکانە بوون کە خۆیان ڕادەستی هێزی ئاشوورنەسیرپاڵ کردووە. (RIMA II:197)

بەداخەوە شیکارییەکانی ئەو لەشکرکێشانەی ئەو دوو شایە، زانیاری جوگرافیایی تێدا نییە و بۆ شوێنناسی خۆبوشکیە یارمەتیمان نادا. زۆربەی زانیارییەکانی ئێمە لە بارەی خۆبوشکیە بۆ سەردەمی پاشایی شەلمەنسەری سێیەم دەگەڕێتەوە.

شەلمەنسەری سێیەم هەر لە سەرەتای ساڵانی سەڵتەنەتی خۆی، بە ئامانجی دەست بەسەر داگرتنی سەرچاوەی بەبایەخی زاگرۆس، لەشکرکێشانێکی بەربڵاوی لە زاگرۆسی باکووری و ناوەندی کرد. بەپێی کەتیبەکانی سەڵتەنەتی




وێنەی ژمارە (٢)




وێنەی ژمارە (٣)، پێگەی تەپۆلکەکانی ڕەبەت، لە قەراخ شاری ڕەبەت، حەیدەری، ٢٠١٠

بەجێماو، شەلمەنسەر داواکارە کە یەکەمین لەشکرکێشی خۆی بۆ ڕۆژهەڵات (٨٥٩ پ.ز) شاری شاهانەی خۆبوشکیەی هاوڕێ لەگەڵ سەد شاری دەوروبەری ئەو ئاور تێبەرداوە (RIMA III: 8, 14). دەقی ئەو کەتیبەیە لەگەڵ شیکاری سەرکەوتنی یەژجاری شەلمەنسەر بەسەر پاشای نائێری و چوونە پێش بۆ لای نائێری (بۆی هەیە زێی ورمێ) و هەڵکردنی یەک استل لەوێ تەواو دەبێ. ئەو شوێنانەی کە سەربازەکانی شەلمەنسەر لەوێ لەشکری کێشاوە. ڕێگەکان ئاوا بوون: لە پێشدا سپاکان لە دەربازگەکانی «سیمێسی» و شاری «ئاریدۆ» (٢) و کوێستانە چڕەکانی تێپەڕین و دوایی چوونە خۆبوشکیە. لەوێشڕا چوونە ناو «سۆگۆنیا» (شارێکی ئورارتوویی) و لە دواییدا گەیشتنە ڕووباری نائێری و شاری «گیلزانۆ» (Ibid: 8-9).

شەلمەنسەر لە سێیەمین ساڵی تاجگوزاری خۆی (٨٥٦ پ.ز) دیسان هێرشی بردە سەر ناوچەی باکوور و ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆری خۆی. لە ڕەوتی ئەو هێرشەدا ئەو دیسان چۆوە ناو خۆبوشکیە و ئەشکەوتە قایمەکەی ئەو، واتە «شیلەیە» (Shilaia) و دەستیان بەسەر داگرت و خاپووریان کرد (RIMA III: 21). وردەپیشاڵی چۆنیەتی سەفەری سپاکان ئاوایە: ئەوان لە «کار- شەلمەنسەر لە وڵاتی ئاشوور دێنە دەرێ و هێرش دەکەنە سەر «بەیت- زەمانی» (٣) و شارەکانی ئورارتوو (گرینگترینیان ئەرشەسکون). لەشکرەکانی ئەو دواییە چوونە ڕووباری نائێری و وڵاتی گیلزانۆ و لە گەڕانەوەشدا بۆ لای ئاشوور و لە پێشدا هێرشیان کردە سەر خۆبوشکیە و دوایی لە ڕێگەی «خەبرووەی» دەگەڕێنەوە هەولێر دڵی ئیمپراتۆری ئاشوور (Ibid: 21-22)، هەروەها لە ساڵی ٨٤٤پ.ز، شەلمەنسەر هێرشێکی بچووکی بۆ ئەو ناوچانە هەبوو کە لەودا لە ڕێگەی خۆبوشکیە دەچێتە گیلزانۆ و ڕووباری نائێری (Ibid: 29).

ئەو ڕاپۆرتە سەڵتەنەتیانە بەڕوونی نیشان دەدەن کە پێوەندی جوگرافیایی مابەینی خۆبوشکیە و ئورارتوو، ڕووباری نائێری و گیلزانۆ هەیە و نیشان دەدەن کە خۆبوشکیە دراوسێی ئەو ناوچانە بووە. لەو جێیەی ڕا یەکەمین سپای شەلمەنسەر لە وڵاتی «سیمسی» و شاری «ئاریدۆ» دەست پێ کراوە و دەگاتە ڕووباری نائێری، بۆچوونی ژیرانە ئەوەیە کە شوێنی لەشکرکێشانەکەی ساڵی ٨٥٩ پ.ز، شەلمەنسەر،



**وێنەی ژمارە (٤)، بەشێک لە بەدرفەڕشەکانی تەپۆلکەی ڕەبەت، حەیدەری، ٢٠١٠**




**وێنەی ژمارە (٥)، وێنەی خشتە نەخشاو و کەتیبەداری دۆزراوە لە پشکنینی تەپۆلکەی ڕەبەت، کارگەر، ٢٠٢١٠**

باشووری باکووری بووە (٤).

بەڵام سپاکانی شەلمەنسەر سێ ساڵ دوایی و لە ساڵی ٨٥٦ پ.ز، ڕێگەیەکی تەواو بە پێچەوانەی ڕێگەی پێشوویان هەڵبژارد، هەروەکوو لەسەرێ باسمان کرد، ئەوان لە «تەل- بەرسیب» (کار - شەلمەنسەری باستان لە باکووری سووریەی ئێستا) هێرشی خۆی دەست پێ کرد و دوا بە دوای یەک چوونە ناو شاری «بەیت- زەمانی»، پێگەی ئورارتوو، ڕووباری نائێری، شاری گیلزانۆ و دوایی خۆبوشکیە و لەوێ ڕا لە ڕێگەی گەردەنەکانی «خەبرەوری» گەڕانەوە ئاشوور (هەولێر). ئەو ڕاپۆرتە تێروتەسەلەی میرزا بنووسانی شەلمەنسەر بە جوانی نیشان دەدا کە لەشکرەکانیان لەپێشدا چوونە لای باکوور، پاشان یەک ڕێگەی دوورودرێژ باکوور بە باشووری بۆ گەڕانەوە بۆ لای ئاشوور پێوا. بەو پێیە و بەپێی ڕاپۆرتی لەشکرکێشی سێ سووچکەی شەلمەنسەر و لێکدانەوەی جوگرافیایی ئەوان، دەتوانین بڵێین وڵاتی خۆبوشکیە لە باشووری ئورارتوو و باشوور، یان باشووری ڕۆژاوای گیلزانۆ و ڕووباری نائێری هەڵکەوتووە.

لەشکرکێشی ئاشووریان بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی



وێنەی ژمارە (٦)، خشتەکانی دۆزراوە لە تەپۆلکەی ڕەباتی ٢، هۆژبری نوبری و عەفیفی، ١٣٨٨

ئیمپراتووری و کوێستانەکانی زاگرۆس بەردەوام بوو و لە ساڵەکانی ٨٢٩- ٨٢٨ پ.ز، دەیان - ئاشوور فەرماندەی نیزامی بەهێز و جێی متمانەی شەلمەنسەری سێیەم، سەرپەرشتی ئەو هێرشەیان وەئەستۆ بوو، بەڵام لەو دوو لەشکرکێشانە خۆبوشکیە زیانی پێ نەگەیشت، چونکە حاکمان و شاکانی خۆبوشکیە بەرەنگاریان نەکرد و باج و پیتاک و بەرتیلی زۆریان پێشکەش بە فەرماندەی ئاشووری کرد (RIMA III: 70, 82). لە یەکەم جار شوێنی لەشکەرکێشی «دەیان- ئاشوور» بۆ خۆبوشکیە لە ڕێگەکانی شەلمەنسەری سێیەم جیاواز بوو. لەباتی ڕێگەی دوورودرێژتری باکووری و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پاشای بەهێزی ئورارتوو، ئەوجارە ئاشوورییەکان ڕێگەی ڕۆژهەڵات هەڵدەبژێرن و دوای ڕۆیشتن بۆ ناوەڕاستی ئیمپراتووری ئاشوور و تێپەڕین لە ڕووباری زاب، چوونە خۆبوشکیە و دوای وەرگرتنی باج و بارمتە لە خۆبوشکییەکان و تێپەڕین لە «مەدەخیسا» چوونە ناو بازنەی دەسەڵاتی ماننا و «ئۆدەکی» پاشای ئەو وڵاتەیان تێک شکاند (Ibid). ناوی مەدەخیسا تەنیا لەو کەتیبە ئاشوورییەدا هاتووە و ئیدی دووپات نەبووەتەوە و هەر بەو هۆیە وا دێتە زەین، شارۆچکەیەکی کەم بایەخ، یان گوندێکی سەر بە خۆبوشکیە، یان ماننا، یان مابەینی ئەو دووانە بوونە کە هێزەکانی ئاشووری ماوەیەکی کورت لەوێ مانەوە.

لە ڕاپۆرتی لەشکرکێشی دوایی «دەیان - ئاشوور» هاتووە کە سپاکان لە ڕێگەی خۆبوشکیە هاتوونەتە بەستێنی دەوڵەتە بەهێزەکەی موساسیر، پاشان لەوێڕا بۆ لای ئورارتوو و گیلزانۆ ناردراون (Ibid:70). بۆ

شیکاری ئەو دوو لەشکرکێشییە، «دەیان – ئاشوور» ئەوەیە کە خۆبوشکیە لە نزیک ماننا و موساسیر هەڵکەوتووە و ڕاستییەکەی لەگەڵ ئەوان سنووری هاوبەشیان هەبێ. دراوسێی خۆبوشکیە لەگەڵ موساسیر و وڵاتی ماننا بەهۆی بەڵگە مێژووییەکانی تر دەتوانرێ پشتڕاست بکرێنەوە. بۆ وێنە لە یەکێک لە دەقەکان «تەفالی ئەسەرحەدون» کە پێوەندی بە زەمانی چوونی «سەکاکان» بۆ سنوورەکانی باکووری ڕۆژاوایی ئێران هەیە. شای ئاشووری کە لە هاتنی سکاکان بە شوێنی حاکمیەتی خۆی دڵنیگەرانە لە «شمش» خوای هەتاو دەپرسێ:[ ئەی شمش بە من بڵێ کە] ئایا سپاکانی سەکایی کە تا هەنووکە لە وڵاتی ماننا هەن، لەوێ وەدەرکەوتن و بەهۆی ڕێڕەوەکانی خۆبوشکیە چوونە ناو شارەکانی «خەڕانیە» و «ئەنیسوو» (SAA 4: 27-28). ئەو دەقە بە جوانی نیشان دەدا کە خۆبوشکیە لە باڵی ڕۆژهەڵات لەگەڵ وڵاتی ماننا دراوسێ بووە.

ناوی خۆبوشکیە لە بەناوبانگترین شیکردنەوەی لەسەر لەشکرکێشی سەرگۆنی دووەم، مەشهوور بە «ڕاپۆرتی هەشتەمین لەشکرکێشی سەرگۆن» کە پێوەندی هەیە بە هێرشی ئەو بۆ ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژاوای ئێران و ئورارتوو لە ساڵی ٧١٤ پ.ز، نووسراوە. ئەو ڕاپۆرتە بەناوبانگە، یان چۆنیەتی سەفەری سەرگۆن، پڕە لە زانیاری وردی جوگرافیایی کە لە دیتنەوەی شوێنی خۆبوشکیە، دەتوانێ ڕێگەکەرەوە بێ. بەپێی کەتیبەی پڕ ناوەرۆکی سەرگۆن، لە دواییدا ئەو لەشکرکێشی دووروودرێژ و درێژخایەن و لە دوای تێکڕماندن و تالانی وڵاتی ئورارتوویەکان، سەرگۆن هاوتەریب لەگەڵ سەربازەکانی ئورارتوو ڕاستەوخۆ دەچێتە خۆبوشکیە و زۆربەی سپاکانی خۆی لەوێڕا و لەڕێی ڕاستەوخۆ دەنێرێتە ئاشوور، بەڵام خودی سەرگۆن ناگەڕێتەوە ئاشوور و ئامرازی شەڕ و تەیار بە هاوڕێی ١٠٠٠ کەس لە سوارەنیزامی قەڵس و تووڕە و سەربازی پیادە و تەیارتر، ڕێگەیەکی لاڕێ و کوێستانیان هەڵبژاردووە و هێرش دەکاتە سەر موساسیر و دەستی بەسەردا دەگرێ. (ARABII 92-94؛ مایر 2).

ڕاستییەکەی سەرگۆن بە پێی وتەکانی خۆی شوێنی ڕاستەوخۆی لەشکرەکانی بەلاڕێدا بردووە و موساسیرەکانی فریو داوە. لەو کەتیبەیەدا دووبارە لەسەر دراوسێبوونی خۆبوشکیە و موساسیر پێداگری کراوە، بەڵام پرسیاری بنەڕەتی لێرەدایە کە شوێنی جوگرافیایی خۆبوشکیە لەهەمبەر موساسیر چۆن بووە؟

لە پێوەندی بە شوێنی خۆبوشکیە بە موساسیرەوە دەتوانین بیر لە چەند بیچمی جۆراوجۆر بکەینەوە. تا ئێستا دوو بیرۆکە بۆ شوێنی خۆبوشکیە لەهەمبەر موساسیر هاتووەتە ئاراوە.

**یەکەم:** خۆبوشکیە لە باشوور، یان باشووری ڕۆژهەڵاتی موساسیر شوێنەکەیان دۆزیوەتەوە. لێرەدا ماوەی ئەوە نییە هەموو بیرۆکەکان باس بکەین. (بۆ زانیاری زۆرتر سەیری ئەو سەرچاوانە بکەن Kinner willson 1962; Hulin 1963; Russel 1984; Read 1994; Lanfranchi 1995.

**دووەم:** بەڵام خۆبوشکیە لە باکوور، یان باکووری ڕۆژاوای موساسیر دەزانێ. ڕەسەنایەتی و کۆنی ئەو بیرۆکەیە دەگەڕێتەوە سەر خوێندنەوە ئاشووریناسییەکان لە ئاخیروئۆخری سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم و بەپێی ئەو زانیاریانەی ئەودەمان لە دەستی توێژەراندا هەبووە. (Norris 1870: 403).

لە ماوەی یەک سەدە دوایی بێجگە لە وتارێک لە «مەدودسکایا» (١٩٩٧)، هیچ توێژەرێک شیکاری، یان بەرەنگاری لەو بیرۆکەیە نەکردووە، بەڵام زۆربەی توێژەران لە نەخشە مێژووییەکان بە بێ هیچ پاساوێک و کردنەوەی باسوخواسی جوگرافیایی، ئەو بیرۆکەیان قەبووڵ کردووە و لە بەرهەمەکانیاندا دووپاتیان کردووەتەوە.
(Levine 1977, Diakonoff and Medvedskaya 1987, Salvini 1984; Muscarella 1986)

هەروەکوو لەپێشدا باس کرا، پێگەی باشووری، یان باشووری ڕۆژهەڵاتی خۆبوشکیە (نیسبەت بە موساسیر) ئەورۆکە لایەنگرانی بۆ دەستەبەر بووە، ئێمەش لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کردووە، ئەو شوێن دیتنەوە نوێیەمان قەبووڵ کردووە، بۆیە پێش ئەوەی خەریکی ڕەخنە لە بازسازی «مەدودسکایا» وەک بەهێزترین توێژەری دژی شوێن دیتنەوەی باسەکەی ئێمە، دەبێ ئاماژەیەک بکەم بە کێشەکانی کە لایەنگری لە بیرۆکە کۆنەکەی شوێن دیتنەوەی باکووری خۆبوشکیە، واتە شوێن دیتنەوەی خۆبوشکیە لە باکووری موساسیر (باکووری زێی وان/ دەشتی حەکاری) بەرانبەر توێژەران دەبێتەوە.

کێشەی سەرەتایی، هەر بەو چەشنەی «جولیان ڕید» باسی کردووە. (Reade 1994: 186) ئەوەیە کە ئەگەر خۆبوشکیە پێگەی باکووری هەبێ و لە باشووری زێی وان هەڵکەوتووە، نەیتوانیوە لەسەر ڕێی ئاشوورییەکان لە ڕەوتی لەشکرکێشانەکانیان بۆ ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژاوای ئێران، بووبن. ئەگەر خۆبوشکیە پێگەی باکووری هەبا، ئاشوورییەکان بۆ گەیشتن بەو جێیە، ناچار بوونایە لە ناوچە شاخاوییەکان و سەخت و چڕەکان و ڕێگەی سەرووی ڕووباری زابی گەورە، تێپەڕن کە بۆ سەربازەکانی ئەوان سەردەم سەخت و لە تاقەت بەدەر بوو.

ڕاستییەکەی ئەو شوێن دۆزینەوەیە هیی سەرەتای سەدەی بیستەمە، سەردەمانێک کە زێی وان لە ژێر دەسەڵاتی پاشایی ئورارتوو بوو، تەنانەت توێژەران زانیارییان لەو بارەیەوە نەبووە کە ئورارتووییەکان گۆڕەپانی خۆیان تا نزیک زێی ورمێ پەرە پێداوە، بۆیە لە لێکۆڵینەوەکاندا ئەو دەستە لە توێژەرانی کۆن، حەوزەی زێی ورمێ لە لێکۆڵینەوەکان چووەتە دەرێ، بەڵام ئەورۆ چاوەڕوان نەکراوە کە قەبووڵ بکەین، ئاشوورییەکان لە سەدەی نۆیەمی پێش زایین ئەو ڕێگە دووردرێژ و سەختەیان بۆ گەیشتن بە باکووری ڕۆژاوای ئێران پێوابێ. لە حاڵێکدا ڕێگەی ڕاستتر و ڕاحەتتریان لە پێش بووە. قەبووڵکردنی پێگەی باکووری بۆ خۆبوشکیە، حاڵیبوون لە ڕاپۆرتی «هەشتەمین لەشکرکێشی سەرگۆن» لەگەڵ کێشە بەرانبەر دەکا. ئەگەر پێکگرتنی دەستەیەک لە توێژەرانی سەرەتای سەدەی بیستەم و «لویس لوبن» و «مەدودسکایا» و بێنە سەر ئەو باوەڕە کە خۆبوشکیە لە دەشتی حەکاری و باشووری زێی وان و باکووری موساسیرە، دەبێ بڵێین کە لەشکرەکانی سەرگۆن لە سەفەری دووردرێژی خۆیاندا بۆ گەیشتن لە ئورارتوو بۆ ئاشوور دەبێ ڕێگەیەکی لاڕێیان هەڵبژاردبێ و دەوری (موساسیرین)یان لێ دابێتەوە، لە حاڵێکدا ڕاپۆرتی سەرگۆن پێداگرە لەسەر ئەوەی کە زۆربەی سەربازەکان گەڕانەوە ماڵێ و سەرگۆن و لەشکرە هەزار کەسییەکەی بە ڕێگەی لاڕێدا ڕۆیشتن و موساسیریان سەرسام کرد. ئەگەر خۆبوشکیە لە باکووری موساسیر هەڵکەوتبێ،

سەرسامی حاکمانی موساسیر و پێداگری سەرگۆن لەسەر ئەو تەوەرە، تەواو بێمانا دێتە بەرچاو (Ibid: 186).

هەروەها پێگەی باکووری خۆبوشکیە لەگەڵ دەقی «تەفالی ئەسەرحەدون» کە لەسەرەوە باسمان کرد، یەک ناگرێتەوە. لەو دەقەدا دراوسێبوونی خۆبوشکیە و ماننا بەڕوونی ئاماژەی پێ کراوە (SAA 4: 27-28). ئەوڕۆکە بەستێنی حکومەتی ماننا ڕوون بووەتەوە و دەزانین کە ناوچەی باشووری زێی ورمێ و باکووری پارێزگای کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی ئەو پاشایەدا بووە (Levine 1974: 113-116؛ملازادە، ١٣٨٨). ئەو مەسەلەیە بە جوانی پێگەی باکووری خۆبوشکیە ڕوون دەکاتەوە، بۆچی ئەگەر خۆبوشکیە لە باکووری موساسیر بێ، دەبێ شیمانەی ئەوە بکەین کە گۆڕەپانی پاشایی ماننا تا ناوچەی ڕۆژاوای زێی ورمێ و دەوروبەری شاری ئێستای ئورومیە پەرەی پێ دراوە، هەروەها دەبێ قەبووڵی بکەین کە پاشای ئورارتوو لە نیوەی سەرەتای سەدەی حەوتەم (زەمان ئەسەرحەدون) دەسەڵاتی خۆی لەو ناوچەیە لە دەست داوە. بیرۆکەیەک کە لەگەڵ بەڵگە مێژووییەکان نایخوێنێتەوە و دەزانین کە ئورارتوو لەو کاتەدا بەردەوام دەستڕۆیشتووانە ژیانی سیاسی خۆی لە باکووری ڕۆژاوای ئێران بووە، (Sagona and Zimansky 2009: 328-331). هەر لە پێوەندی بەو مژارە دەبێ باس لەوە بکرێ کە دەقە ئاشوورییەکان نیشان دەدەن کە موساسیر لە درێژایی چەند سەدە ژیانی خۆی بەردەوام نیوەسەربەخۆ و تا ڕادەیەک سەر بە پاشای خاوەن دەسەڵاتی ئورارتوو بوو، بەڵام دەوڵەتی خۆبوشکیە لە سەردەمی ئاشووری نوێ سەربەخۆ مایەوە. هەر ئەو خاڵە پێگەی باکووری خۆبوشکیە و شک و گومان دەخا. قەبووڵی ئەوەی کە مابەینی پاشای بەشکۆی ئورارتوو لە باکوور وە پاشای نیوەسەربەخۆی موساسیر، یەک دەوڵەتی بچووکی سەربەخۆ، واتە خۆبوشکیە هەڵکەوتبێ، ناماقووڵ دەنوێنێ. ئورارتووییەکان ئەگەر خاوەن دەسەڵات بەسەر دراوسێی باکوورییەکەیان، واتە موساسیر بوون، دەبێ لە پێشدا دراوسێی نزیک خۆی، واتە خۆبوشکیە لە ژێر دەسەڵاتی خۆی بخا، دەیجا خۆبوشکیە دەبێ پێگەی باکووری تری لەهەمبەر موساسیر هەبووبێ کە توانیویەتی لە ئاغایەتی ئورارتوو ڕزگاری ببێ. جیا لە شاهیدی مێژوویی ناوبراو، بەڵگەی زمانناسیی شوێنی باکووری خۆبوشکیە پشتڕاست دەکاتەوە. بەپێی کەندوکۆژی ڕیشەناسی ناوی کەسەکان خۆبوشکیەکی کە لە دەقە ئاشوورییەکان باس کراوە، زانرا کە ناوی زۆربەی حاکمان و فەرماندەکانی ئەو ناوچەیە وەک: دەتنە، ئۆرزەنە، ئەشپەبرە، پەرتەتووەو.... ڕیشەی ئێرانی کۆنیان هەیە. بە جۆرێکی دی زۆربەی ناوەکانی ئێرانی زۆرتر لە ناوەکان کە ڕیشەی هوری- ئورارتوویی و کاسییان هەیە (Zadok 2002: 44-48)

هەبوونی ناوەکانی ئێرانی لە ناوچەکانی باکووری زێی وان و دەشتی حەکاری لە سەردەمی باسەکەی ئێمەدا، واتە تافێک کە ئورارتووییەکانی حوری زەمان تەنیا دەسەڵاتی ناوچە بە حسێب دەهاتن، دژوار دێتە بەرچاو. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بەپێی شاهیدان لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژاوای ئێران و باشووری ئورارتوو، ناوەکان ڕیشەی ئێرانی لە تەنیشت حوری و کاسی و... کە نیوەی سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایین بە زۆری دەبینرێن

(Ibid: 18-48). بەپێی بەڵگەنامە زمانناسیانەی مێژوویی دەتوانین بڵێین هاتینە سەر ئەو بڕوایە کە خۆبوشکیە لە ناوچەی زێی ورمێ بووە، نەک زێی وان. ئێستا و دوای درکاندنی هۆکارەکانی لەسەر پێگەی خۆبوشکیە لەهەمبەر موساسیر و ئورارتوو و بوونی لە باکووری ڕۆژاوای ئێران، دەگەینە بیرۆکەی توێژەری ڕووسی «یانا مەدودسکایا» و باسوخواسی لێ دەکەین کە خۆبوشکیە لە دەشتی حەکاری (باشووری زێی وان) و باکووری موساسیر زانیوە و تەنیا توێژەرێکە کە لە دۆزینەوەی جێگەی کۆنی خۆبوشکیە بە شاهید دان و هۆکارەکانی بەرگری دەکا (Medvedskaya 1997). بنەمای باسی مەدودسکایا لەسەر بنەمای سازکردنەوەی هێڵی بزاڤی لەشکرەکانی سەرگۆن لە هەشتەمین هێرشی ئەو پاشای ئاشوورییە.

مەدودسکایا لە بنەڕەت ڕا دژی بیرۆکەی دەور لێدانی زێی ورمێ لە لایەن سەرگۆن و سپاکانیەتی لە ساڵی ٧١٤ی پێش زایین. توێژەرانی جۆراوجۆر چوار هێڵی پێداچوونی جیاجیا بۆ هێرشی سەرگۆن بۆ ئورارتووی باس کردووە و وردەپیشاڵی ئەو باسە دوورودرێژ و سەختە، نییە و تەنیا دەبێ بڵێین کە دەستەیەک لە توێژەران لەسەر ئەو بڕوایەن کە سەرگۆن و لەشکرەکانیان گەیشتنە زێی ورمێ و دەوریان لێ داوە، تاقمێکیش لەسەر ئەو بڕوایەن کە سپاکان تەنیا زێی وانیان دیتوە و نەگەیشتوونەتە ڕۆژهەڵاتی زێی ورمێ کە بیانەوێ دەوری لێ بدەنەوە. دەستەکیش لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئاشوورییەکان لە قەراخ لێواری ڕۆژاوای زێی ورمێ وەجووڵە کەوتوون و دوایی لە دەشتی حەکاری بۆ لای ئاشوور گەڕاونەتەوە و هیچکام لە زێیەکانیان دەور لێ نەداوەتەوە.

(بۆ زانیاری زۆرتر بڕواننە: -Thureau-Dangin 1912Lehman Haupt 1916; Rigg 1942; Wright 1943; Levine 1977; Zimansky 1990; Medvedskaya 1997 مصدقی امین، 1380؛ ماسکارلا و علیون).

مەدودسکایا بیروڕای ئەوەیە کە سپاکانی دەوری زێی ورمێیەیان نەداوە و نەچوونەتە ناوچەی باشووری و ڕۆژهەڵاتی ئەو. سەرجەم ناتوانین جێی خۆبوشکیە لە باشووری زێی ورمێ، یان باشووری موساسیر بزانین. بەپێی پێشنیاری مەدودسکایا، سەرگۆن و لەشکرەکانیان لێواری ڕۆژاوای زێی ورمێ لە ڕێگەی دۆڵی سەڵماس بووە، پاشان ڕێگەی سەرووی زێی زابی گەورە گەیشتنە زێی وان و لەوێرا چوونە دەشتی حەکاری ئێستا. ئەو خۆبوشکیە هەر لێرە، واتە دەشتی حەکاری و باڵی ڕاستی زێی زابی دیتووەتەوە (Medvedskaya 1997: 197-204).

ئەگەر ڕێگەی پێشنیاری مەدودسکایا وەک ڕاستییەک قەبووڵ بکەین، جێگە دیتنەوەی خۆبوشکیە لە ناوچەکانی باشووری زێی ورمێ بە گشتی ڕەتکراوەیە، بەڵام بەڕای نووسەرانی ئەو وتارە، کێشەی جۆراوجۆر لە دیتنەوەکەی مەدودسکایا هەیە و دەستەیەک لە بۆچوونەکانی ئەو لە دژایەتی لەگەڵ بیرۆکەی دەور لێدانەوەی زێی ورمێ لە لایەن لەشکری سەرگۆن، قابیلی قەبووڵ نین.

لە پێشدا ئەوەی کە ڕێگەی پێشنیاری ئەو بۆ هەشتەمین لەشکرکێشانی سەرگۆن، لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی ئەو لەگەڵ ڕێگەی لەشکرکێشی «ئارگیشتی یەکەم»، لە ڕۆژاوای زێی ورمێ لە ساڵی ٧٤٤ پ.ز، بنیاد

نرابێ، واتە «مەدودسکایا» بەهۆی وێکچوونی ناوی هەندێ شوێن، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە سەرگۆن لە ساڵی ٧١٤پ.ز، هەر ئەو شوێن و وڵاتانە چووە کە لەشکریانی «ئارگیشتی» سێ دەیە پێش، لەوێ تێپەڕیبوو (Ibid:١٩٩).

سەرەڕای ئەوەی کە هەندێ لە ناوی شوێنەکانی ئەو دوو لەشکرە لە یەک دەچن، ناتوانین ئەوان وەک یەک بزانین و گرینگتر لەوە کە وڵاتی «بوشتوو» کە خاڵی دەستپێکی لەشکرکێشی «ئارگیشتی»ی یەکەم بووە، لە شیکارییەکەی سەفەری سەرگۆن نابینرێ و قەبووڵکردنی یەکبوونی ڕێگەکانی ئەو دوو پاشایە سەخت و دژوارە. یەکێکی دی لە لێکدانەوەکانی مەدودسکایا لە دژایەتی لەگەڵ بیرۆکەی دەور لێدانەوەی زێی ورمێ، ئەوەی کە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی زێی ورمێ شوێن و ئاسەواری ئورارتوویی وجوودی نەبووە و ئورارتووەکان هیچ کات لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئەو زێیە ئامادەییان نەبووە، بۆیە دەتوانین بڵێین ناوی شارەکان و شوێنەکانی ئورارتوویی کە لە کەتیبەی سەرگۆن باس کراوە، ناتوانێ پێوەندی بە ڕۆژهەڵاتی زێ بێ و هۆکارێک نییە کە لەشکرەکانی سەرگۆن بۆ هێرشکردن سەر ئورارتوو لەو ناوچانە تێپەڕن (Ibid:١٩٩). بۆی هەیە کاتی نووسینی وتاری توێژەری ڕووسی، ئاسەواری ئورارتوویی ڕۆژهەڵاتی زێی ورمێ جوان نەناسیبێ، بەڵام ئەوڕۆکە بە جوانی ئاگاداریمان هەیە کە گۆڕەپانی پاشای ئورارتووەکان، ئەو ناوچانەش لە خۆ دەگرێ. وجوودی کەتیبەکان و گۆڕەپانەکانی ئورارتوویی جۆراوجۆری پاشای ئورارتووەکان، ئەو ناوچانەشی گرتووەتەوە. بوونی کەتیبەکان و گۆڕەپانەکانی ئورارتوویی جۆراوجۆر کە لە پارێزگای ئازەربایەجانی ڕۆژهەڵات دیتراونەتەوە وەکوو: جوان قەڵا/عەجەبشێر/ شیشە ئەهەر/ بویوک قەڵا/ ڕازلیق/ سقیندل و ...تاد (Kroll 2011: 150-161)، بە ڕوونی نیشان دەدا کە ئورارتووییەکان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی زێی ورمێ حوزووریان هەیە.

سەرەڕای ئەوە وا دەردەکەوێ کە مەدودسکایا بە ئەنقەست لە دیتنەوەی کێوی «وائووش» لە ڕێگە پێشنیارییەکانی خۆی بواردووە، چۆن لەگەڵ شووبهاندنی ئەو نەیدەخوێندەوە. کێوی «وائووش» شوێنی شەڕی بنەڕەتی و چارەنووسسازە، مابەینی «سەرگۆن»ی ئاشووری و «ڕووسا» پاشای ئورارتوو بووە و بە پێی کەتیبە ئاشوورییەکان بەرزترین و بەرچاوترین کێوی ئەو ناوچەیە بووە (ARAB II: 79).

**پەراوێز:**

١- Nairi وڵاتێکی کوێستانی و بەرزە لە سەرووی ڕووباری دیجلە، بریتییە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیای ئەوڕۆیی و باکووری ڕۆژاوای ئێران، گۆڕەپانی مابەینی زێیەکانی وان و ورمێ. (Bryce ٢٠٠٩: ٤٩٥-٩٦)

٢- Aridu شارێکی بچووک و حەساردا لە چاخی ئاسن، مابەینی باکووری ڕۆژهەڵاتی میزۆپۆتامیا و باکووری ڕۆژاوای ئێران. (Ibid: ٦٢)

٣- Bit-Zamani وڵاتێکی گەورە و گرینگە لە باکووری ئاشوور کە ناوەندی ئەو شارە، «دیاربەکری» ئێستایە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی «ئاناتۆلی» بووە. (Ibid: ١٣١)

٤- هەر ئەو ڕێگەیە لە ساڵی ٨٤٤پ.ز، دووپاتە بووەتەوە.